لە شاری هەولێر زیاتر لە دووسەد هەزار دار و گوڵ بەرهەمهێنراوە

ئەمساڵ لە شاری هەولێر زیاتر لە دووسەد هەزار دار و گوڵ بەرهەمهێنراوە.

لە ساڵی 2023، لە چوارچێوەی پڕۆسەی زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی لە سنووری پارێزگای هەولێر، لە ڕێگەی سێ نەمامگەی نموونەیی سەر بە ئەندازەی پارکەکانی هەولێر، زیاتر لە 126 هەزار دار و 85 هەزار گوڵی جۆراوجۆر بەرهەمهێنراوە و لە 54 شوێنی شاری هەولێر چێندراون، لە پلانیشدایە لە ساڵی 2024دا ئاستی بەرهەمهێنانی دار و گوڵ بە دوو هێندەی ساڵی 2023 بەرز بکرێتەوە، ئەمەش بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر.